وەزارەتـــی دارایـــی
پ.گ. دارایی
ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ١٧٩٥٠/١٧/٩
ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٨/٢٥

ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٣٥)

بۆ /وەزارەتی داد / پ ـ گ ـ دیوان / پ ـ ژمێریاری

پ/ مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی

پاڵپشت بە فەرمانی نهێنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ٢٢٤٥ لە ٢٠٠٨/٨/١٤ و ئاماژە بە یاسای مووچەی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی عێراقی فیدراڵ ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاردرا بەم شێوەیەی خوارەوە جێ بەجێ بکرێت :ـ

١ـ مووچەی بنەرەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی بەپێ ی ئەم پۆلینانەی خوارەوە دەبێت :ـ

أ ـ	پۆلینی چوارەم	١ ٥٠٠ ٠٠٠	یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار .
ب ـ	پۆلینی سێ یەم	١ ٧٥٠ ٠٠٠	یەك ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار .
ج ـ	پۆلینی دووەم	٢ ٠٠٠ ٠٠٠	دوو ملیۆن دینار .
د ـ	پۆلینی یەکەم	٢ ٢٥٠ ٠٠٠	دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار .

٢ـ بەخشینی دەرماڵەی پیشەیی بە ڕێژەی (١٥٠٪) سەدو پەنجا لە سەد لە مووچە بۆ ناوبراوان ، و لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی یان نەخۆشی زیاتر لە (٣٠) سی ڕۆژ ئەم دەرماڵەیە دەبڕدرێت .

٣ـ کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە .. بۆ زانین و کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

سەرکیس ئاغاجان مامندۆ
وەزیری دارایی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

WWW.MOJKURDISTAN.COM